# ئاكۆ بەردەن با نەبن بە پەندی پسات

حەمەرەشی هەرەس___کانادا
hemereshid@hotmail.com

گرتنی ئاکۆ محەمەدی سەرنووسەری رۆژنامەی میدیا لەلایەن وەزارەتی ناوخۆوە بێگومان کارێکە ژیری تێدا بزرە، ئەمرۆ لە جیهانی پێشکەوتوودا دەسەلاتەکان هەر منەی ئەوەیانە نووسەران و رۆژنامەوانی خاوەن هەڵوێست نزیکخەنەوە و رێزیان لێبگرن، تا لە رێی ئەوانەوە رێز بۆ خۆیان وەدەست بهێنن. کاکی وەزیر کارێکی چاکت نەکردووە، بەگرتنی کاک ئاکۆ نەک پشتی خۆت تەنانەت پشتی دەسەڵاتەکەشت بە خۆتەوە شکان. (ڕووی دەمم لە دەسەڵاتە) تا زووەو گۆمەکە لەوە زیاتر نەشڵەقاوەو گێرەشێوێنەکان وەک بۆقی گوێچەم بینیان بە قیرەقیڕەوە نەگرتووە، کاک ئاکۆ و ئەو هەڤاڵەی تریش بەربدەن و جەنابی وەزیریش با بە حوسن و رەزای خۆی بەرۆکی ئەو وەزارەتە هەستیارە بەربدات و ببێت بە پەندێک بۆ هەموو ئەوانەی بەرژەوەندی و ناوبانگی خۆیان دەخەنە پێش هەموو بەها جوانەکان و لە ئاستی راستییەکان بەلەسە دەبن و ترس و بیم بەملاولادا تەخشان و پەخشاندەکەن. دوا تکاشم ئەوەیە، ئەمکارە بەزوویەکی زوو ئەنجامبدرێت و هیواشم ئەوەیە هەرگیز کاری لەمجۆرەچیتر سەرمان نەخاتە ژان.